کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە سایکس بیکۆوە بۆ بیکەر هاملتۆن

بە گەرانەوە کەمێک بۆ دواوەی ساڵی 1916 کە ڕێکەوتنامەکەی سایکس بیکۆی تیا دەر چوو. ئەو لیژنەیەی کە خاڵەکانی نووسی بە هیچ شێوەیەک پرسی بە گەلی کورد نە کرد وهاوکاتیش بار ودۆخی کوردستانیان لە بەر چاو نەگرت، ئەویش بەو پێیەیەی کە لە خاڵی یان با بڵێین بەندەکانی62 ، 63.ئەوکات ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە جەنەرال شەریف پاشا دەداتە نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە گونگرتن لە ڕاپۆرتی نارەزایەتی کوردان. کورد و ئەنجامدانی ریفراندۆم بەڵام ئەو کات هیچ گوێ لە گەلی کورد نە گیراو و بە زۆر کوردستانی باشوورلکێندرا بە عێراقەوە. ئیدی کوشتن وبرین و وێران و دەر بەدەری کردنی کوردان لە سەر خاکی خۆیان دەستی پێ کرد وئەوە نزیکەی سەدەیە کە کورد دژی ئەم پێشلیی یە تێیدە کۆشێت وخەبات دەکات.

بەڵام ئەگەر ئەوەی ڕابوارد لە دونیایەکی نا دیموکرات وکێ بەر کێ یی بەرژەوەندی ئیمپریالیزانەدا ڕووی دا.ئەمڕۆ سەدەی بیست ویەکە و دونیایی دیموکراسی ومافی مرۆڤە. کە چی بە هەمان شێوە خەریکن جارێکی ترمافی کورد پێشیل دەکەن وبە زۆر لەبەر خاتری کەمنیەیەکی کەم تەواوی ئەو بریارانەی کوردستان بەرەو خۆری سەربەستی وسەربەخۆیی دەبات دەیشکێنن و دەیانەوێت جارێکی تر داربدەنەوە دەست دوژمنەکەی بۆ سەر کوت کردنی وبە ئاشکرا سامانە سروشتیەکەی بدزن ومال لە خاوەنەکەی حەرام بکەن ولە مافی سەربەرشتی بە سەر سامانە سروشت یە کانی پێ بەش بکەن. وبەوێنەی سایکس بیکۆ بێ گوێ دانە حەز وئارەزووی پێکەوە ژیانی نەتەوەکان ڕاپۆرتەکەکەی بیکەر مانای بە زۆر پێکەوە نووساندنەوە کوردستان بە عێراقەوە وپێشیل کردنەوەی مافی هەلبژاردنی پێکەوە ژیان.

ڕاپۆرتەکەی بیکەر دووبارە زولم کردنەوەیە لە کورد وەک سایکس بیکۆ کە مافی ریفراندۆم و هەلبژاردنی مافی جیابوونەوە ودامەزراندنی دەولەتی لە کوردان زەوت کرد. ئەم ڕاپۆرتە لە دوواخستنی جێ بەجێ کردنی ماددەی (140) و گەرانەوەی کەرکووک بۆ باوەشی کوردستان وئەنجام نەدانی دەنگ دان. دووبارە بوونەوەی ئەو زولمە گەورەیە کە لە کورد دەکرێ.

هەر وەک (بیل کلنتۆن) لەسەرەتاکانی ڕاپەرین دا ووتی ((ئێمە زولمان لە کورد کرد لە سەدەی ڕابردوو، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ڕاستی بکەینەوە وجارێکی تر دووبارەی نەکەینەوە)).

شۆڕش علی تیلە کۆیی
مالبۆرن- ئوستڕالیا